﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾

## فەتواى

# گەورە زانايانى ئەهلى سوننە و جەماعە

( ابن باز والألباني وابن العثيمين والوادعي وفوزان واللجنة الدائمة للإفتاء )

# سەبارەت بە نادرووستيێتى سەرفترەدان بە پارە

ئامادەكردن و وەرگێڕانى

مامۆستا : عدنان بارام

سايتى بەهەشت

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

✍ پێشەوا و زانای پایەبەرزی ئیسلام شێخ (عبد العزيز بن عبد الله بن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت فەرموویەتی : (شوکر بۆ خوای پەروەردگار ، و صەڵاوات و سەلامیش لە سەر بەندەو پەیامبەری (محمد) و ئەهل و بەیت و هەموو هاوەڵانی ، وە پاشان :

زۆر لە برایان پرسیاریان لێکردم سەبارەت بە حوکمی دانی زەکاتی سەرفترە بە پارە ؟

وەڵامەکەشی : شاراوە نییە لە لای هەموو موسڵمانێك کە کەمترین بینایی هەبێت کە گرنگترین پایەیی ئایینی ئیسلامی پیرۆز : شایەتیدانە بەوەی کە (لا إله إلا الله ، محمد رسول الله) ، بەشی یەکەمی ئەو شایەتی دانەش کە (لا إله إلا الله) یە ئەوە پێویست دەکات لە سەر موسڵمانان کە خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها بپەرەستن ، بەشی دوومی کە (محمد رسول الله) یە ئەوە پێویست دەکات لە سەر موسڵمانان کە خوای پەروەردگار نەپەرەستن بەوە نەبێت کە پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی شەرعاندوون .

زەکاتی سەرفترەش پەرستشێکە لەو پەرستنانە بە کۆڕای موسڵمانان ، و بنەواش لە پەرستنەکان ئەبێت تیایاندا ڕابووستین تاکو بەڵگەیەکمان نەبێت لە قورئانی پیرۆز یان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، بۆیە نابێت هیچ کەسێك خواپەرستی ئەنجام بدات بۆ خوای

پەروەردگار ، جگە بەوە نەبێت کە لە لە پێغەمبەروە هاتووە و پێمان گەشتووە ، ئەو پێغەمبەرەی کە خوای پەروەدگار سەبارەت بەو فەرموویەتی : ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ [سورة النجم : الآيتان ٣ ــ ٤] ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ لەو بارەیەوە فەرموویەتی : ((من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد))[١] ، ((من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد))[٢] .

* هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ بەوەی پێمان گەشتوە لە فەرموودە (صحيح)ەکانی ، ئەوەی ئاشکرا کردووە کە زەکاتی سەرفترە : (صاع)ێك! لە خوادەمەنی ، یان (صاع)ێك لە خورما ، یان (صاع)ێك لە جۆ ، یان (صاع)ێك لە مێووژ ، یان (صاع)ێك لە کەشك .

پێشەوایان (البخاري) ، و (مسلم) لە (عبدالله بن عمر)ەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و بابی بێت ـ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : ((فرض رسول الله ﷺ زكاة الفطر صاعاً من تمر أو صاعاً من شعير على العبد

---

(١) [ رواه البخاري في ( الصلح ) باب إذا اصطلحوا على صلح جور برقم( ٢٦٩٧ )، ومسلم في ( الأقضية ) باب نقض الأحكام الباطلة برقم ١٧١٨] .

(٢) [ رواه مسلم في ( الأقضية ) باب نقض الأحكام الباطلة برقم ١٧١٨] .

! ( صاع ) : بریتییە لە چوار گوێل بە دەستی پیاوێکی مامناوەند ، وە بە کێشانەش نزیکەی دوو کیلۆ و نیوە بە پێوەری ئێستا .

والحر والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين ، وأمر بها أن تــؤدى قبل خروج الناس إلى الصلاة)) [٣] .

**واته : پێغەمبەری خوا ﷺ زەكاتی سەرفترەی فـەرز كـردووە بـە بڕی (صاع)ێك له خورما ، یان ( صاع ) ێك لە جۆ لـە سـەر بەنـدە و سەربەسـت و نێرینـە و مێینـە و بـچووك و گـەورەی موسـوڵمان ، وە فرمانی پێكردووە لە پـێش دەرچـوونی موسـڵمانان بـۆ نوێـژی جـەژن بدرێت .**

**وە** (أبو سعيد الـــخدري)**یش** رضي الله عنه **فەرموويـەتی :** ((كنا نعطيها في زمن النبي ﷺ صاعاً من طعام أو صاعاً من تمر، أو صاعاً من شعير أو صاعاً من زبيب)) ، وفي رواية ((أو صاعاً من أقط)) (٤) .

**واته : زەكاتی سەرفترەمان دەردەكرد لە سـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ بە بڕی ( صاع )ێك لە خوادەمەنی ، یان ( صاع )ێك لـە خورمـا ، یان (صاع)ێك لە جۆ ، یان ( صاع )ێك لە مێووژ ، وە لـە ڕیوایـەتێكی تردا هاتووە : یان ( صاع )ێك لە كەشك .**

**جـا ئەمەيـە سـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ لـە زەكـاتی سـەرفترەدا ، ئاشكراشە لە كاتی واجب كردنی ئەم پەرستشە و كاتی دەركردنیدا ،**

---

[٣] [ رواه البخاري في (الزكاة) باب فرض صدقة الفطر برقم (١٥٠٣) ] .

[٤] [رواه البخاري في (الزكاة) باب صدقة الفطر برقم (١٥٠٦) ومسلم في (الزكاة) باب زكاة الفطر على المسلمين برقم (٩٨٥) .] .

موسـڵمانان (دینـار) ، و (درهـم )یـان لـه دهسـتدا بـوو ، بـه تایبـهت کۆمهڵگای مهدینه ، که دوو دراوی بهربڵاو بوون لـهو کاتـهدا ، کهچـی پێغهمبهری خوا ﷺ **باسی لێوه نهکردوون لـه زهکـاتی سـهرفترهدا** ، بۆیـه ئهگـهر هـهر یـهك لـهو دوو دراوه واجـی سـهرفترهی لـه سـهر موسـڵمانان بخستبایه ، ئـهوا پێغهمبـهری خـوا ﷺ باسـی دهكـردن ، چونکه نابێت ئاشکراکردن و باسکردنی ئهحکامه شهرعیهکان له کاتی پێویـستیان دوا بخرێـت ، وه ئهگـهر ئهوهشـی ئـهنجام بدایـه ئـهوا هاوهڵانی بۆی دهگێڕاینهوه ﷺ .

وه ئهوهش که سهبارهت به قهربووکردنهوهی کهم و کـوڕی دانـی زهکاتی ئاژهڵ هاتووه ئاشکرایه کـه بـه مـهرج گیراوه و تایبهتـه بـهو جۆرهی پێویسته ، ههروهکو له پێشیشدا ئاماژهمان بۆ ئهوه کرد کـه بنهوا له پهرستنهکان ئهبێت تیایاندا ڕابووستین تاکو بهڵگهیهکمان پێ دهگات له قورئانی پیرۆز یان لـه سـوننهتی پێغهمبـهر ﷺ ، وه نهشـم زانیوه که یهکێك له هاوهڵانی پێغهمبهر ﷺ پارهی دابێت لـه زهکـاتی سهرفترهدا ، له گهڵ ئهوهی که شارهزا ترین کهس بوون به سـوننهتی پێغهمبهر ﷺ ، و له ههموو خهڵکیش زیاتر حـهریص بوونـه لـه سـهر بـهکارکردنی سـوننهتهکانی ، وه ئهگـهر کردارێکـی لـهو جۆرهیـان لێ کهوتبێتهوه ئهوا بێگومان پێمان دهگهشت ، ههروهکو چۆن ووتهکانی تریـان سـهبارهت بـه شـهرع پێمـان گهشـتووه ، خـوای پـهروهردگار

سەبارەتیان فەرموویەتی : ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [ سورة الأحزاب ، الآية ٢١] ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ [ سورة التوبة ، الآية ١٠٠] .

لەوەی کە باسمان لێوە کرد ئاشکرا دەبێت بۆ کەسانی حەق ویست کە : دانی پارە لە زەکاتی سەرفترەدا نابێت و ئەو فەرزەش لەسەر ئەو کەسە ناکەوێت کە بە پارە دەیدەن ، چونکە پێچەوانەیە بۆ ئەو بەڵگە شەرعیانەی کە باسمان لێوە کردن .

داواکارم لە خوای پەروەردگار سەرکەوتوومان بکات ، لە گەڵ هەموو موسڵمانانندا بۆ فێربوونی ئایینەکەی ، و بەردەوامی لە سەری ، و دورکەوتنەوە لە هەموو ئەوەی کە پێچەوانەی دەبێتەوە ، هەر ئەوە بەخشندە و میهرەبان ، و صەڵاوات و سەلامیش لە سەر بەندەو پەیامبەری (محمد) و ئەهل و بەیت و هەموو هاوەڵانی بێت )) (٥) .

✍ وە پێشەوا و زانای پایەبەرزی ئیسلام شێخ (محمد ناصر الدین الألباني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە دانی پارە لە زەکاتی سەرفترەدا فەرموویەتی : (ئەوانەی کە دەڵێن دەتوانرێت زەکاتی

---

(٥) [ الرئيس العام لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد / عبد العزيز بن عبد الله بن باز : مجموع فتاوى (١٤/٢٠٨- ٢١١ ) .

سەرفترە بە پارە دەربکرێت هەڵەن ، چونکە ئەوانە پێچەوانـەی دەقی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبنـەوە کـە هـەردوو پێـشەوا (البخاري) و (مسلم) لە ( صحیح )ەکەیاندا لە فەرموودەی ( عبدالله بن عمر ) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و بابی بێت ـ دەگێڕنەوە کە فەرموویـەتی : ((پێغەمبەری خـوا ﷺ زەکـاتی سـەرفترەی فـەرز کـردووە بـە بـڕی (صاع)ێك لە خورما ، یان (صاع)ێك لە جۆ ، یان (صاع)ێك لە ...)) ، دەبیـنین پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەم فـەرزەی کـە لـە سـەرمانی فـەرز کردووە بە پێی فەرمانی پـەروەردگاری پـارە نیـیە بـەڵکو خـواردنی دیاری کردووە بە پێی ئەو خواردنەی کە خواردەمەنی خەڵکەکە بووە لـەو سـەردەمەدا ، ئاشکراشـە واتـای فەرموودەکـە ئـەوە نیـیە کـە خۆشگوزەرانکردنی خەڵك بێت بە لەبەر کردنی کاڵای نـوێ و پـاك ... هتد ، بەڵکو مەبەست پێی دەوڵەمەندکردن و نەهێشتنی پێویـستیانە لە خواردن و خواردنەوەیە لەو ڕۆژە و لە ڕۆژانی دوای جەژن ... بەڵام کە کەسێك دێت دەڵێت : نەخێر ، ئێمە پارە دەدەیـن ، چـونکە ئەمـە بەسوودترە بۆ هەژاران ... ئەوە ئەو کەسە دوو جار هەڵەیە :

**جاری یەکەم** : ئەو کەسە پێچەوانەی دەقی فـەرموودەی پێغەمبـەر بوەتەوە ﷺ و ئەوکارەش پەرستشە ، ئەمە کەمترین شتە بووترێت .

بـەڵام **بـاری دووەمـی** : زۆر ترسـناکە چـونکە ووتەکـەی ئـەوە دەگەیەنێت کـە شـەرع دانـەری دانـا ـ کـە خـوای پـەروەردگارە ـ کـە

سرووشی بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە کە صاعیك لەم خواردنانە لە سەر ئوممەتەکەی فەرز بکات مەصڵەحەتی فەقیر و هەژارانی ڕەچاو نەکردووە و نەیزانیوە ، هەروەکو چۆن ئەوانە دەیزانن کە گومانیان وایە کە دانی پارە باشتە !!!!

بۆیە دەبینین هەندێك لە خەڵك لایانداوە لە پیادەکردنی دەقی فەرموودەکان بۆ جێگرێك کە دراوە !!! ئەمەش تاوانبارکردنی شەرعە بەوەی کە نەیزانیوە شەرع داڕێژێت !!! بۆیە شەرعاندنەکەی ئەوان لێرەدا باشتر و بە سوودترە بۆ هەژاران !!!

جا هەرکێ ئەمەی مەبەست بێت پێی کافر دەبێت ، بەڵام ئەوانە مەستیان ئەوشتە نییە ... بەڵام ئەو کەسانە ووتەیەك دەڵێن کە هەڵەیە ، چونکە نابێت جگە لەوە دەربکرێت کە شەرع دانەری دانا دیاری کردووە ، کە خواردنە لە هەموو بوارێکدا ...)) (٦) .

✍ وە پێشەوا و زانای پایەبەرزی ئیسلام شێخ (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامی ئەم پرسیرەدا :

ئایا دەبێت زەکاتی سەرفترە بە پارە دەربکرێت ، لە گەڵ کەرم کردنتان بەوەی کە بەڵگە شەرعیەکانمان بۆ باس بکەن ، خوای پەروەردگار پارێزەرتان بێت ؟

---

(٦) ( نقلا تفريغ : سلمان بن عبدالقادر أبو زيد ) .

فەرموویەتی : (دانی زەكاتی سەرفترە نابێت بە جگە لە خواردن ، وە ناشبێت بە پارە دەربكرێت ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ بە صاعێك لە خورما یان صاعێك لە جۆ ... هتد ، دیاری كردووە ، و (أبو سعيد الخدري)یش رضي الله عنه فەرموویەتی : " كنَّا نخرجها على عهد النبي ﷺ صاعاً من طعام " ، واتە : ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ صاعیك خواردنمان دەدا بە زەكاتی سەرفترە .

بۆیە نابێت هیچ كەسێك زەكاتی سەرفترە بە پارە بدات ، یان بە كەلوپەل ، یان بە فەرش ، بەڵكو پێویستە بەو شتە دەربكرێت كە خوای پەروەردگار لە سەر زمانی پێغەمبەركەی ﷺ فەرزی كردووە ، وە هیچ عیبرەتیش نىیە بە باش دانانی ئەوانەی كە بە باشیان زانیوە لە خەڵك ، چونكە شەرع شوێنكەوتەی بۆچونەكان نىیە ، بەڵكو لە لای خوایەكی دانا و خەبیرەوە هاتووە ، خوای پەروەردگاریش زاناتر و داناترە لە هەمووان ، جا ئەگەر لە سەر زمانی پێغەمبەر محمد ﷺ بە صاعێك خواردن دیاری كرا بێت ، نابێت لىٚی لا بدرێت با هەرچەند بە عەقڵی خۆمان بە باشی بزانین ، بەڵكو پێویستە لە سەر مرۆڤ ئەگەر شتێكی بە باش زانی و پێچەوانەی شەرع بوو با تۆمەت بداتە پاڵ عەقڵ بۆچوونی خۆی )) (٧) .

---

(٧) ( موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين : س ٣٩١ ) .

✍ **هەروەها شێخ** (محمد بن صالح العثيمين ) **ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامی ئـەم پرسـیرەدا : ئایا ڕەوایە زەکاتی سەرفترە بە پارە دەربکرێت ؟ وە ئەگەر وەڵامەکە بە نابێت بوو هۆکار لەوەدا چی‌یە ؟ لە گەڵ باسکردنی بەڵگەکان لەم بابەتەدا ، لە گەڵ زانینی ئـەوەی کە هەندێکیان فەتوای ئەوە دەدەن کە ئەو کارە ڕەوایە ، لە ولاتیەلێك کە زانایانی لێکۆڵەرەوە کەمن ؟**

**فەرموویەتی : (نابێت نرخی خواردن لە سەرفترەدا دەربکرێت :**

**لە بەر ئەوەی ئەو کردارە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ ، چونکە جێگر و سەلمێنراوە لێیەوە کە فەرموویەتی : " من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد" ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : "من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد"[٨] ، وە واتای (رد)یش : ڕەتکراوەیە .**

**وە لە بەر ئەوەی دەرکردنی نرخ پێچەوانەی کرداری هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ کە صاعێك خواردنیان دەردەکرد ، و پێغەمبەری خواش ﷺ " عليكم بسنتي ، وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي " .**

**وە لە بەر ئەوەی زەکاتی سەرفترە پەرستشێکە لە ڕەگەزێکی دیاری کراو دیاری کراوە ، بۆیە نابێت لە ڕەگەزێکی تر کە دیاری**

---

(٨) رواه مسلم وأصله في الصحيحين .

نەكراوە دەربكرێت ، هەروەكو چۆن نابێت لە لە كاتێكی تـر جگـە لـە كاتی خۆی دەربكرێت .

وە لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چـەندین جـۆر خـواردنی دیاری كردووە ، كە جۆر و نرخیان زۆربەی جار جیاوازە ، بۆیە ئەگەر حیساب بۆ نرخەكـەی بكرایـە ، پێویـست بـوو صـاعێك بێـت لـە یـەك جۆری خواردەمەنی ، یان بەرامبەرەكەی لە خواردنەكانی تر .

وە لە بەر ئەوەی دانی زەكاتی سەرفترە بە پارە ئەم پەرستشە لەوە دەردەكات كـە درووشمێكـی ئاشـكرا بێـت بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە صەدەقە و درووشمێكی شاراوە ، چونكە دەركردنـی بـە صـاعێك وای لێ دەكات ئاشكرا بێت لـە نێـوان موسڵمانان ، بـە شـێوەیەك ئاشـكرا دەبێـت لـە لای منـداڵ و گـەورە و دەردەكـەوێت ، پێوانـدن و بڵاوكرنەوەی دەبینـن ، بـەو شـێوە لـە نێوانیانـدا دەناسرێتەوە ، بـە پێچەوانەی ئەوەی كە ئەگەر هاتوو بە درهـەم دەربكرێـت ، ئـەو كاتـە مرۆڤ بە شارەوەییەوە دەری دەكات لە نێوان خـۆی و ئـەو كەسـەی كە دەیبات)) ( ٩ ) .

✍ وە پرسیاركرا لە شێخی پایە بەرزی ئیسلام (مقبل بن هادي الوادعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ كە : كـەی پێویـستە زەكـاتی سـەرفترە

---

(٩) ( موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين : س ٩٩١ ) .

دەربكرێت ، و ئایا ڕێژە و ئاستێكی دیاری كراوی هەیە ، و تا چ كاتێكدا دەتوانرێت بدرێت ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : سەبارەت بە زەكاتی سەرفترە پێویستە پێش نوێژی جەژن دەربكرێت ، جا ئەگەر پێش نوێژی جەژن بەخشیت ئەوا زەكاتێكی وەرگیراوە ، بەڵام ئەگەر نەتبەخشی تا پاش نوێژی جەژن ئەوا بە صەدەخە دەژمێررێت ، بڕەكەشی بریتیە لە صاعێك لە خورما ، یان ( صاع )ێك لە مێووژ ، یان ( صاع )ێك لە كەشك ، یان (صاع)ێك لە جۆ ، وە ئەگەر ئەم جۆرانە نەبوو كە ژماردم ، هەروەكو لە فەرموودەكەی (ابن عمر) ، و (أبي سعيد الخدري)دا هاتوون ، ئەگەر نەبوون ، ئەوا لە خواردنی زۆرینەی خەڵكی شارەكە ، بەڵام سەبارەت بە بەخشینی نرخەكەی ئەوا جێگر نەبووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ (١٠) .

وە (أبو عبد الرحمن يحيى بن علي الحجوري) كە یەكێكە لە قوتابیەكانی شێخ دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : (وقد كان (أي : الشيخ مقبل) ــ رحمه الله ــ **يفتي أن القيمة لا تجزئ**)) ئەو ـ شێخ مقبل

---

(١٠) (من إجابة السائل ١٢٥ ، نقلا عن مقال بعنوان : حكم إخراج زكاة الفطر نقودًا / للشيخ يحيى بن علي الحجوري ) .

ـ فەتوای بەوە دەدا کە دانی سەرفترە بە پارە ئـەو واجبـەی لـە سـەر ناخات (١١) .

✍ وە پرسیارکرا لە شێخی پایە بەرزی ئیسلام (صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان) : ـ خوا بیپارێزێـت ـ : لـەو دواییانـەدا جـەدەلێکی زۆر لە نێوان زانایاندا دروست بوو لە سەر ئەوەی کە ئایا ڕەوا چ‌یە لە زەکاتی سەرفترەدا ؟ وە ئایـا دەتوانرێـت نرخەکـەی دەربکرێـت ؟ جا بۆچونی جەنابتان چ‌یە لەو بارەیەوە ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : ڕەوا لە سەرفترەدا ئەوەیە کە بەو شێوە بدرێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە ، ئەوەش بە دانی صاعێك لە خواردنی ئەو ناوچەیە ، و لە کاتی خۆشید بـدرێت بـە هەژاران ، بەڵام سەبارەت بە دانـی نـرخ لـە زەکـاتی سـەرفترەدا ئـەوا ئەوەی پێ لە سەر ناکەوێت ، چونکە پێچەوانەیە لە گـەڵ ئـەوەی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمانی پێکـردووە ، و پێـچەوانەشە لـە گـەڵ ئـەوەی کـە هاوەڵـە بـەڕێزەکانی کردەوەیـان پێکـردووە ، لـە دانـی خواردن و ئەوان نرخەکـەیان نـەدەدا ، لـە گـەڵ ئـەوەی کـە لـە ئێمـە زاناتر بوون بەوەی کە دەبێت ، و بەوەش کە نابێت ، ئـەو زانایانـەش کە ووتـوویـانە دەتوانـرێت نرخەکەی دەربکرێـت ئـەو ووتەیـەیان بـە

---

(١١) ( نقلا عن مقال بعنوان : حكم إخراج زكاة الفطر نقودًا / للشيخ يحيى بن علي الحجوري ) .

ئیجتیهـاد ووتـووه ، جـا ئەگـەر ئیجتیهـادیش پێـچەوانەی دەقـی فەرموودە بوو هیچ حسێبێکی بۆ ناکرێت .

به پێشەوا ( أحمد بن حنبل) ـ بـه ڕەحمـەت بێـت ـ فـەرموویان : خەڵکانێك دەڵێن : (عمر بن عبد العزيز) بارەی وەردەگرت لـه زەکـاتی سەرفترەدا ؟ ئەویش فەرمووی : واز له ووتەی پێغەمبەر ﷺ دێنن ، و دەڵێن : فلان ووتوویەتی !!! له کاتێکدا ( ابن عمر ) فەرموویـەتی : پێغەمبەری خوا زەکـاتی سـەرفترەی بـه صـاعێك لـه خـواردن دیـاری کردووه ... هتد فەرموودەکە ، کۆتایی هات )) (١٢) .

وه یەکێك له فەتواکانی (اللجنة الدائمة للإفتاء)ی‌یەدا هاتووه که پرسیاریان لێ کراوه : شێخمان چی دەڵێت سەبارەت بـەو کەسـەی کـه ڕاسـتەوخۆ لـەو کاتـەی کـه زەکـاتی سـەرفتره وەردەگرێـت دەیفرۆشـێت ؟ بۆ نمونـه لـەو کاتـەی کـه بـه صـاع خـواردن دابـەش دەکرێت به سەر هەژاراندا له هەمان کاتدا دەیفرۆشێت به کەسێکی تر ، ئەوەش بۆ به دەست هێنانی پارەکەی ، وه حوکمی کەسێك چی‌یه که پارەی له زەکاتی سەرفترەدا دابەش کردبێت ؟

له وەڵامیدا فەرموویان : ئەگـەر کەسـێك وەریگـرت و شایـستەی ئـەوه بـوو کـه پـێی ببەخـشرێت ، ئـەوا بـۆی هەیـه دوای وەرگرتنـی

---

(١٢) ( المنتقى من فتاوى فوزان ، س ١٦٣ ) .

بیفرۆشێت ، چونكه به وەرگرتنی بووه بـه مـولّكی خـۆی ، وه نابێـت پاره له زەكاتی سەرفترەدا دابەش بكرێت له سەر ووتەی هەڵبژارده ، ئەوەش به پێی زانستی ئێمه ، ئەوەش ووتـەی زۆرینـەی زانایانه .

خوای پەروەردگاریش سەرخەری هەمووانه ، و صەڵات و سـەلامیش له سەر محمد و ئەهل و بەیت ، و یار و یاوەرانی بێت (١٣).

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**ئامادەكردنی**

**باوكی سوننه مامۆستا : عدنان بارام**

======================

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

2007 - 1428

---

(١٣) ( موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين : السؤال الرابع من الفتاوى رقم (٩٢٣١) ( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، عبدالله بن قعود (عضو) ، عبدالله بن غـــديان (عضو) ، عبدالرزاق عفيفي (نائب رئيس اللجنة) ، عبدالعزيز بن عبـــدالله بـــن بـــاز (الرئيس) ) .